---

## بەشی یەکەم

## دەروازەیەک بۆ تێگشتن لە بەڕێوەبرنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت

### پێشەکی

لە ئەمڕۆی جیهانی پێشکەوتوودا، کە رۆژ بە رۆژ داهێنانی تازە دێتەکایەوە، ئیدی مرۆڤ لە سایەی جیهانگەڕایی و تەکنەلۆژیای زانیاری و ئابووری دیجیتاڵی و ژیری دەستکردا، دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژێت و بسازێت لەگەڵ دونیای هاوچەرخدا، لە پاڵ ئەوەشدا نابێت خۆی بە دوور بگرێت لە کۆمەڵگای مرۆیی لەسەر ئاستی فەرمی و نافەرمیدا، بۆ ئەمەش دەبێت وەک تاک بەشدار بێت بە ئەتەکێتەوە لە بۆنەو ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و فەرمییەکاندا، کە بەشێکی ئەو ڕێوڕەسمانە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەک جیاوازە، کە بەپێی نەریتی کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕێوڕەسم و ئەتەکێت هەیە گشتگیرەو لە هەموو کۆمەڵگایەک وەک یەکە،لەم کلاورۆژنەیەشەوە دەتوانین بڵێن پەیوەندی نێوان پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت وەک پەیوەندی نێوان گشتی و تایبەتە. بەڵام ئایا یاساکانی پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت بۆ هەمووان وەک یەکن؟ لە پراکتیکدا یاساکانی پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت بەپێی شوێن و کات دەگۆڕدرێن، بۆیە لەو روانگەیەوە ئەم سمستەرە بۆ بابەتی (بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم/ پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت) تەرخان دەکەین.

### زاراوە گرینگە به کارهاتووەکان

**1.وانەی ئەکادیمی- محاضرة- Lecture**

ئەو وانەیەیە کە بە شێوەیەکی زانستییانە لەلایەن کەسانی شارەزای ئەکادیمیەوە دەگوترێتەوە، واتە ئەو کەسە ئەکادیمییە یا مامۆستایە کە هەڵگری ناسناوی زانستییە بابەتێک دەخاتەڕوو و دواتر ماوەیەک لە کۆتاییدا تەرخان دەکرێت بۆ پرسیارو وەڵام، یان بۆ گفتوگۆکردن.

**2.کۆبووونەوە- الاجتماع- Meeting**

کۆبوونەوەی (3) کەس یان زیاترە کە ئامانجی هاوبەشیان هەیە، لە رێگەی پەیوەندی زارەکی یان نووسراوەوە. ئامادەبوان لە کۆمپانیایەک یان لە دامەزارەوەکی فەرمی دەبن.

---

### 3.دیدار- الملتقى- Forum

بە ئامانجی رەخساندنی دەرفەتێک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند بابەتێک بەرێوەدەچێت. بەڵام ژمارەی بەشداربووان زیاترە لە (سیمپۆزیۆم). کۆبوونەوەیەک بە گفتوگۆی کراوە کە تیایدا ئامادەبووان بیروڕا لەگەڵ ئامادەبووان ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەروەها کۆمەڵێک پسپۆڕ ئامادەی دەبن کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکە ڕوون دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا دەرفەت بە ئامادەبووان دەدەن بۆ بەشداریکردن بە سەرنج و پرسیارکردن.

### 4.کۆربەند- ندوة-Symposium

کۆبوونەوەیەکە کە کۆمەڵێک پسپۆڕ لەخۆدەگرێت و وتار دەدەن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، یاخود دانیشتنێکە کە پسپۆڕان لەخۆدەگرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئامادەبووان بەشداری دەکەن. دەتوانین بڵێن کۆبوونەوەیەکی گفتووگۆئامێزە کە لەلایەن کەسێکی پسپۆڕەوە بەرێوەدەبرێت، بەڵام ژمارەی بەشداربووان کەمترە لە دیدار (forum).

### 5.کلینیک-ورشة عمل صغیر- Clinic

وۆرک شۆپێکی بچووکە، کە کۆمەڵێکی بچووک لە بەشداربووان لەخۆدەگرێت کە ڕووبەڕوو لە ژێر چاودێری ڕاهێنەرێکدا کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ڕاهێنانیان پێبکەن.

### 6.سمینار- حلقات الدراسیة- Seminar

سمینار هەمیشە ئامانجی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکانە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، کە دانیشتنێکە بۆ هاوبەشکردنی بیرۆکەکانیان لەگەڵ یەکتر، سمینارەکە بابەتێکی دیاریکراوی هەیە بە سەرپەرشتی ڕاهێنەرێک یان پسپۆڕێک لە بواری ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ژمارەی ئامادەبووان لە (30) کەس تێناپەڕێت، بە بەشداری زۆربەی ئامادەبووان دەبێت.

### 8.کۆڕی جەماوەری- اللقاء الجماهیري- Mass Meeting

کۆبوونەوەی ژمارەیەکی بەرفراوانی جەماوەرییە بەمەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی بابەتێک یاخود خوێندنەوەی هۆنراوەو پەخشان، وتار، پشتگیری کەسایەتی و دامەزراوەو پارتی سیاسی یا کاندیدێک بۆ هەڵبژاردن.

---

### 9.فێستیڤاڵ- المهرجان- Festival

ئاهەنگێکی گشتییە، بەزۆری لە چوارچێوەیەکی کولتووری یان ئایینیدایە. لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئاهەنگێکی گەورە و بەرفراوانە کە بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنەیەکی خۆش یان بۆ یادکردنەوەی یادەوەرییەکی ئازیز بەڕێوەدەچێت وەک: فێستیڤاڵێکی میوزیک،گۆرانی، سینەمایی، کلتووری و کەلەپووری، یان شیعری....هتد.

### 10.ڕێبەری کۆنفرانس - دلیل المؤتمر- Conference Handbook

بریتییە لە نامیلکەیەک کە هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان تایبەت بە کۆنفرانس تیادا هاتووە.

### 11.کارنامە/ ئەجێندا - برامج - Agenda

بریتیە لە پرۆگرام یا برگەکانی بەڕێوەچوونی ڕێوەڕسمێکی فەرمی.

### 12.کارنامەی کۆنفرانس- ورقة عمل المؤتمر- Conference Worksheet

گرنگترین خاڵی پەیوەندی نێوان بەرپرسانی ڕێکخستنی کۆنفرانس و بەڕێوەبردنی بەشی ئاهەنگ و کۆنفرانسەکان بریتییە لە لاپەڕەی کار کە پێی دەوترێت (لاپەڕەی قۆناغبەندی) ئەو زانیاریانەی لە پلانی کاردا هاتووە بە زۆر گرنگ و چارەنووسساز دادەنرێت بۆ مەبەستی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکە بە شێوەیەکی دروست.

### 14.ڕێکخەری کۆنفرانس-منظم المؤتمر- Conference Organizer

ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی تەواوی چالاکییەکانی کۆنفرانسێک دەکات.

### 15.سەکۆ/ پۆدیۆم - منصة - Podium

سەکۆیەکی بەرزە کە لەلای راست یا چەپ یان لە ناوەڕاست شوێنێکی بەرزی هۆڵی ڕێوڕەسمەکاندا دادەنرێت، تیایدا پێشکەشکار/ بگێڕی ڕێوڕەسم و وتاربێژەکان لەوێوە قسەکانیان دەگەیەنن بە ئامادەبووانی ناو هۆڵەکە.

### 16.کۆکتێل- حفلات الكوكتيل- Cocktail

نەریتێکی بەریتانییە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، بانگهێشتکراوەکان بەبێ سنووردارکردن دێن و دەڕۆن، بەڵام لە سنووری ئەتەکێت و ئاکاردا، بەشداربووان لە ئاهەنگەکەدا بەپێوە وەستاون، وەک چۆن ڕێکخستنی دانیشتن و ڕێوڕەسمی پێشینەیی نییە، بەڵکو زیاتر بچووکە و مێزی بەرز بەکاردێت بۆ دانانی خواردنەوە یان خواردنی کەم کە دابەش دەکرێن، هەندێکجار ئاهەنگەکە بۆنەی کات بەسەربردن لەگەڵدایە.

**17.پانێڵ- اجتماع نقاش - Panel**

کۆبوونەوەی ڕاهێنان لە نێوان دوو وتاردەر یان زیاتر، کە تیایدا هەر وتاردەرێک دیدگای خۆی دەخاتەڕوو و گفتوگۆیەک لەنێوان یەکتردا تێکەڵ دەکرێن، کۆبوونەوەی گەنگەشەو گفتووگۆ لە بارەی بابەتێکی ئەکادیمی یا رۆشنبیری لە مێزێکی بازنەییدا یاخود قسەکردنی ژمارەیەک پسپۆڕ کە لە (5) کەس تێپەڕ نەکات لە بارەی بابەتێک.

**18.قسەکەر- المحاضر- Speaker**

ئەو کەسەی لە (کۆبوونەوە، کۆنفرانس، وۆرکشۆپ، پانێڵ، سیمپۆزیۆم، هۆڵی خوێندن، یان هەر بۆنەیەکی تردا) قسە دەکات.

**19.کۆنگرە - مؤتمر- Convention**

کۆبوونەوەیەکە بۆ پێشکەشکردنی بابەتێکی دیاریکراو لەلایەن پسپۆڕێکی تایبەتمەندەوە، لە هەمان کاتدا دەرفەت بە بەشداربووان دەدرێت بۆ پرسیارکردن. کۆبوونەوەیەکە کە جار جارە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو کە ڕەنگە: سیاسی، بازرگانی، یان هونەری بێت.
کە لە چەندین تەوەرو لیژنەکانی: باڵا، راوێژکاری، لاوەکی ڕێکدەخرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرسێکی دیاریکراو، لە کۆتاییدا گرنگترین پێشنیارەکان کۆدەکرێنەوە و دەکرێنە راسپاردە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەیە پێشانگایەکی لەگەڵدا بێت.

**20.کۆنفرانس- المؤتمر- Conference**

هاوشێوەی کۆنگرەیە، بەڵام گفتووگۆی زیاتر لەخۆ دەگرێت لەلایەن ئەندامانی بەشداربوو، بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی دیاریکراو. لە کۆتاییدا ئەنجام و ڕاسپاردەکان کۆدەکرێنەوەو دەخرێتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی چارەکردن.

**21.کۆنگرێس-الکونغرس- Congress**

زاراوەیەکی ئەوروپییە لە جیاتی کۆنفرانس بەکاردەهێنرێت.

**22.کۆنفرانسی رۆژنامەوانی- مؤتمر صحفي- Press Conference**

وتارێکە کە کەسێکی گرنگ و دیار بە ئامادەبوونی زیاتر لە ڕۆژنامەنووسێک پێشکەشی دەکات/میدیاکاران، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سیاسەتێکی دیاریکراو، تاوتوێکردنی بابەتێکی جێی سەرنج بۆ ڕای گشتی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی، یان پێشکەشکردنی هەواڵێک کە کاریگەری لەسەر ڕووداوێکی گرنگ هەیە.

---

**23.وۆرکشۆپ- ورشة العمل - Workshop**

بە مەبەستی ڕاهێنانی بەشداربووان لەسەر بابەتێک یا چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو یا پێدانی زانیاری تازە یان کارامەیی نوێ بەڕێوەدەچێت، کە ژمارەیەکی کەم لە ئامادەبووان لەخۆدەگرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتگەلی تایبەت، لێردا زانیاری لە نێوان هەموو بەشداربوواندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

**24.سپۆنسەرەکان-الراعون- Sponsors**

ئەو لایەن و کەسانەی کە سپۆنسەری کۆنفرانسەکە یا چالاکییە هەمەجۆرەکان دەکەن لە ڕووی دارایی یان ئەخلاقییەوە، هەندێجار لە ڕووی میدیاییەوە.

**25.پشووی کاتی- فترة استراحة- Refreshment break**

ماوەی پشوو لە نێوان کۆنفرانسەکەدا، کە هەمیشە لەگەڵ خواردنەوە گەرمەکان یان ساردەکان و هەندێک مۆسیقای سووک پێشکەش دەکرێت.

**26.ناوەندی کۆنگرەکان- مركز المؤتمرات – Conference Center**

ئەو شوێنەیە تیایدا کۆنگرەی تیا ئەنجام دەدرێ، چ هۆڵ یا هۆتێل یا هەر شوێنێکی دیکە بێت.

**27.بەڕێوەبەری پێشانگە- مدير المعرض- Exhibit Manager**

ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی گشتی کۆی چالاکییەکانی پێشانگاکە دەکات.

**28.پێشانگە- المعرض – Exhibition**

پێشانگە شوێنێکی تایبەتە کە کۆمپانیاکان بانگهێشت دەکرێن بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان. پێشانگاکان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدارن لە گەشەسەندنی ئابوری وڵاتانی جیاوازدا، جگە لە ناساندنی بەرهەم و چاوپێکەوتنی وەبەرهێنەران، پێشانگاکان نوێنەرایەتی داهاتی گەشتیاری و هەلی کاری هەمیشەیی و کاتی دەکەن، ئەمە جگە لەوەی داهاتی زۆر بۆ ڕێکخەران و وڵاتانی میواندار دەسەبەر دەکات، هەندێجار لە کۆنفرانسەکانیشدا پێشانگە دەکرێتەوە.

---

**29.بەرنامەکانی ڕاهێنان -برامج تدريبية-Training Programs**

بەرنامەکانی ڕاهێنان بەزۆری لە (15) بۆ (20) بەڕێوەبەر یان بەرپرس پێکدێت، بۆ نموونە (5) ڕۆژ دەخایەنێت، بەهۆی کەمیی بەرچاوی سەنتەری تایبەتمەندی هەمیشەیی بۆ بەرنامەکانی ڕاهێنان، زۆربەیان لە هۆتێلەکاندا ئەنجام دەدرێن.

**30.شاندەکان- الوفود- Delegations**

ئەو دەستەواژەیە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە بەشداری کۆنفرانس و سیمپۆزیۆمو پێشانگەو هاوشێوەکانی دەکەن، یان ڕۆیشتن و هاتنی ژمارەیەک نوێنەری وڵاتان بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، یا چارەسەرکردنی کێشەیەک سەردانی یەکتری دەکەن.

**31.کارتی بانگهێشتکردن- بطاقة دعوة- Invitation Card**

**32.بانگهێشتنامە- خطاب دعوة- Invitation Letter**

**33.بانگهێشتکراو- المدعو- Invited**

**34.دانیشتنی کۆبوونەوە-جلسة الاجتماع- Session**

35.**پێشنیار /پرۆپۆزەڵ/-مقترح- Proposal**

**36.پشووی چایی – استراحة الشاي- Tea** Break

**37.ئاڵا/ پەرچەم/ بەیداخ- علم/ الراية - Flag**

**38.ئاهەنگی ڕێوڕەسمەکان- حفل مراسيمي- Ceremony**

**39.بۆنە- المناسبة - Event**

**40.هۆڵی کۆبوونەوەکان- قاعات الاجتماعات- Meeting Room**

**41.ئاهەنگ- الحفلة - Party**

**42.ئاهەنگی ڕێوڕەسم- حفل المراسم- Ceremonies**

**43.ئاهەنگی دەرچوون- حفل التخرج-Ceremony Graduation**

**44.ێشینە- الأسبقية-Precedence**

**45.خۆشدووانی- المجاملة - Courtesy**

**46.ئاهەنگی کردنەوە-حفل افتاحي- Opening Ceremony**

**47.کەسێکی زۆر گرینگ- احد كبار الشخصيات- VIP (Very Important Person)**

**48.پۆینتەر- مؤشر كهربائي- Electric Pointer**

---

49.رۆلاب-رول اب- **Rollup**

50.برۆشور – كراسة- **Brochure**

51.نامیلکە -كتيب - **Booklet / Handbook / leaflet/ Manual**

52.خانەخوێ- مضيف- **Host**

53.قسەکەری سەرەکی- المتحدث الرئيسي- **Keynote** Speaker

54.سەرپەرشتیاری گفتووگۆ- منسق، قائد المناقشة- **Moderator**

55.ڕێککەوتنەکان- الاتفاقيات -**Agreements**

56.گرێبەست- العقد – **Contract**

57.ڕێوڕەسم- المراسم- **Protocol**

59.ئەتەکێت-الاتيكيت-**Etiquette**

60.واژوو- توقيع – **Signature**